## ئاینی زەردەشت،
## فەلسەفەی ئالترناتیڤ
## بۆ کوردان و مرۆڤایەتی
## بەشی (9)



لە دیرۆکی سەدان ساڵی ڕابردووی کوردستان، کوردان زۆر رامان و بیری جیاواز، کە پڕانی لە کولتور و ئیدەئۆلۆژی بێگانە سەرچاوەی دەگرت و گرتووە، تاقییان کردەوە و هەوڵیان داوە بە شێوەیەک لە ژیانی ڕۆژانە و تەنانەت لە خەباتی ئاشتیخوازی و ڕزگاریخوازانەی خۆی، بیخاتە مەیدانی کردارەوە. بەڵام مەخابن تا بە ئێستا ئەم بیرانە نەیاتوانیوە ئاریکاری کێشەکەی بێت و گرێیەک لە خەمەکانی بکاتەوە.
بۆیە پێ دەچێت یەکێک لە هۆیەکانی ئەوە کە کورد سەرکەوتنی وەدەست نەهێنابێت، ئەوە بێت کە ئەو رامان و هزرانە بێگانە و نامۆ بن لەتەک ڕاستی ژیان و کەسایەتی مرۆڤی کورد. یا بە زمانێکی دیکە، دەرمانی دەردی بە هەڵە سارێژ کردبێت. کورد لەمێژە لە مێژوو و بیر و رامان و فەلسەفەی ڕەسەنی خۆی دابراوە. پێویستە جارێکی دی ئاوڕێکی دیرۆکی لە گەنجینەی هەزاران ساڵەی خۆی بدات و لە ژێر خۆڵ و تەپ و تۆزی زەمانە دەریهێنێت و ڕاکێشی سەردەمی کات و بە بیرێکی نەوژەن و سەردەمیانە جەوهەر و ناوەرۆکی بۆ سەدەی 21 پەلکێش کات و بتوانێت برینی سەدان ساڵەی بە دەرمانی ڕاست سارێژ بکات.
ئەم کورتە باسە بەشیک لەو تۆژینەوەیە، کە ئەتوانێت بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیر بکرێت تا هەوێنی ڕاستەقینەی رامان و فەلسەفەی زەردەشت بێتە گفتوگۆکردن و ورووژاندن و بتوانین لایەنەکانی نادیاری فەلسەفەی زەردەشت بێتە ئاشکراکردن.
لە فەلسەفەی دیرۆکی و بنەڕەتی زەردەشت کە دەکرێت بە یەکەمین و بنیاتی فەلسەفەی زانستی و دیرۆکی کوردان ناو ببرێت، پێگەیشتن و گەشەسەندنی مرۆڤ، نەخش و شوێنێکی پلەمەندی هەیە و لە سروودەکانی زەردەشت ئەم گەشەسەندنەی بە ڕاشکاوی بەرجەستە کردووە، بۆیە تێڕوانینی زەردەشت گەشەسەندن و پێشخستنە.
ناوداری مەزنی ئاڵمانی"هێگڵ" لە پەرتووکی (رامان لە دیرۆکدا)" دەڵێت:
"لە میتسوپاتامیا بوو، کە بۆ یەکەمجار ڕووناکاییەک درەوشا و چواردەوری خۆی ڕۆشن کردەوە. چونکە ڕووناکی زەردەشت، بۆ جیهانی ئاگایی و بۆ ناخ و دەروونی مرۆڤ بوو، بە واتەی شتێک جودا، لە خودی

خۆی پەیوەند بوو. یەگانەگی و یەکتاییەکی ڕەسەن و بروومەن، سەیر ئەکەین کە بوونی تایبەت و دیاریکراو، بەشێک لە زاتی ئەون، بەڵام لە ئازادی بێسنووردا. هەر وەک ڕووناکی کە تەنیا نیشانی ئەدات کە (بوون) لە خودی خۆیدا چییە، ئەم یەکتاییە تەنیا لەو ڕووەوە بە سەر مرۆڤ فەرمان دەدا، کە هانی بدات بۆ بەهێزبوون، کە ڕێگای گەشەکردن بگرێتە بەر و تاکایەتی خۆی پتەو بکات. ڕووناکی، لە نێوان بووندا جیاوازی دانانێت. بە ڕووی مرۆڤی پاک و تاوانبار، بەرزایی و نزمی، یەکسان و بەرابەر دەدرەوشێتەوە و بە یەک ئەندازە بێر و بەخششی پێشکەشی هەمووان دەکات. ڕووناکی تەنیا کاتێک گیانبەخشە، کە بە بەشێک بێجگە لە خۆی و لە دەرەوەی خۆی پەیوەند ببێت و کاریگەری لە سەری هەبێت و پەروەردەی بکات. ڕووناکی، دژی تاریکییە و ئەم دژایەتییە بنەما و بنیاتی هەوڵدان و خەبات لە ژیان بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات. بۆیە بنیاتی گەشەسەندن لە میتسوپاتامیا دەست پێ دەکات، چونکە چەکی سەرەکی ڕەوان لە دیرۆکدا ئەوەیە کە بە بارودۆخی بێکۆتایی رامان بگات و لە ڕێگای دژایەتی بێوچان (لەتەک سرووشت)، بە ڕێکەوتنێکی گشتی بگات.




زەردەشت دەیخواست مرۆڤ بەو جۆرەی کە بوونی هەیە، بە هەموو وزەکانی ڕێگای بەختیاری بگرێتە بەر و لەم ئاستەی کە هەیەتی بەرەو پلەی خوداوەندی بگات. مرۆڤ، تەنیا گیانلەبەری ناهێمن و ناخۆشنوتی سەر گۆی زەوییە کە لە ڕێگای ئەو سرووشتەی کە لە ناخیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەوڵ و کۆشش بۆ گەشەسەندن دەدات. ڕاستە لە نێوانی مرۆڤ و ئاژەڵ زۆر خاڵی هاوبەش و وەک هەڤی هەیە، لێ لە ئاژەڵدا فەرخووی (غریزە) بە سەر ژیانیدا زاڵە و ژیانی دیاری دەکات، لێ لە مرۆڤدا ئاوەز، "رامان" لایەنی زاڵی دیاریکراوە، کە شێوە و ڕەنگ بە ژیانی دەبەخشێت و دەوری سەرەکی و چارەنووسساز دەبینێت. هەروەک دەزانین رامانی مرۆڤایەتی یەک جۆر و یەک شێوە نییە، بەڵکو چەشنی جیاواز و دژ بە یەکی هەیە.
لە فەلسەفەی زەردەشت رامانی پاک «هوومەتە» و رامانی خراپ «ئەنگرەمینوو» وەک دو بەستەڵەکی باکوور و باشوور یا وەک مەیدانی مێغناتیسی لە مێشکی مرۆڤدان. هەر بوونی ئەم دو جۆر رامانەیە کە دەبێتە هۆی جووڵە و گەشەکردن و پێگەیشتنی مرۆڤ، بۆیە وەک دو سووڕی وزە کە لە ناو مێغناتیسدا هەیە، لە مرۆڤیشدا سووڕی رامانەکانی دژ بە یەک، دەبێتە هۆی دەنە و جووڵە. بۆیە هۆی هەرمانی و جاویدانبوونی بەدواداگەڕان و لێکۆڵینەوە لە مرۆڤدا، شتێکی سرووشتی و زانستیە، کە لە گیانلەبەران و ئاژەڵ بە چەشنی بێدەنگی و ڕاوەستاو دێتە بەر چاو.

ئاژەڵ تا برسی نەبێت ڕاو ناکات و تەنیا بۆ بژیوی خۆی لەتەک هاوڕەگەزی خۆی یا گیانلەبەرانی تر بەجەنگ دێت. ڕاگرتنی ژیان، زاو و زێکردن و گەڕان بە دوای خواردن، سێ هۆ و دەنەی سەرەکین لە گیانلەبەران. ئاژەڵێک کە هەر سێ هۆی تێدا مسۆگەر کرابێت، ئارام و هێمنە. بۆ نموونە شێرێک برسی نەبێت، مێو و توولەکانی لە مەترسیدا نەبێت، لە سووچێک پشوو دەدات و سەیری نێچیریان دەکات لە دوورەوە و ڕاویان ناکات و دڵخۆشە. بەڵام مرۆڤ وا نییە. مرۆڤ لە دوای بەجێهێنانی پێداویستیەکانی سەرەتایی، هێشتا هەر نائارام و ناخۆشنوتە. زۆربەی گیانلەبەران جا گۆشتخۆر بێت یا گیاخۆر لە دوپاتبوونەوەی (مینۆ) جۆری خواردنیان، گلە و گازندەیان نییە، بەڵام مرۆڤ لە خواردنی یەک یا چەند جۆر خواردن و دوپاتبوونەوە لە هەفتەدا تووشی خەم دەبێت و بە دوای خواردنی جیاواز و تەنانەت بەرگ و پۆششی جیاواز و شوێنی ژیانی دەکەوێت. ئەم گەڕیانە لە ناو زات و لە ناو سرووشتی مرۆڤ دایە.




ئینجا ئەگەر ئایین و فەلسەفە و ئایدلۆژییەک، مرۆڤ بۆ ژیانی هەرزان و سادە و ئاسان و بێئیرادەیی و خواردنی کەم هان بدات و لە جێگای گەڕیان و لێکۆڵینەوە، گۆشەگیری و (قناعت) فێری بکات و تەنانەت "قانع"بوون بە خۆشەویستی خوا ناوزەند بکات، ئەوە مرۆڤ تووشی ناکۆکی لەتەک زاتی خۆی دەکات و دەیخاتە ناو کێشە و نەخۆشین و لە جێگەی یارمەتیدانی، بەرەو قەیرانی دەیبات. بۆیە تەنیا فەلسەفەیەک دەتوانێت ڕێنوێنی مرۆڤ بێت، کە ئەم سووڕ و گەڕیانی زاتی مرۆڤی ناسیبێت و لە جێگای نکوولی و پێشێلکردنی ئەم گەڕیان و سووڕە زاتییەی، هێڵ و لایەن و ڕێگای هیوا و ئارمانی پێ ببەخشێت.
بۆیە زەردەشت فیلسوفی مەزن، دو هێز و دو رامانی دژ بە یەکی لە ناو مێشکی مرۆڤ، بە باشی ناسی و چاکیش ئاگادار بوو کە ئەم هێزە دژبەرانە، سەرچاوەی گەڕیان و لێکۆڵینە و بەدیهێنەری جووڵە و داهێنان لە مرۆڤ دایە. جا ئەگەر ئەم گەڕیانە، لایەنی بەرزی هیوا و ئارمانی نەبێت و مرۆڤ نەتوانێت بۆ بەکارهێنانی دروستی بەرهەمی وزەی ڕاکێشەر و پاڵنێری هێزەکانی دەروونی خۆی، شوێنی گونجاو نەبینێت، ئەوە ئەم وزە و هێزانە ڕەها دەبێت و دەتوانێت زۆر تێکدەر و مەترسیدار بن و لە جێگای چێکردن و گەشەکردن و باشبوون، مەترسیدار و وێرانگەر و تێکدەر بن.
زەردەشت چاک ئاگادار بوو کە خواردن، خەوتن، زاوزێکردن، پۆشین و ڕابواردن، ناتوانێت هیوا و ئارمانجی سەرەکی مرۆڤ بێت. لە بەردەم پلە و ئاستی مرۆڤایەتی و توانا بێسنوورەکانی، ئەم ئامانجانە پچووک و کەمنرخە. توانامەندی مرۆڤ فرەتر لەوەدایە کە لە سنوورێکی بەرتەسک و بۆ بەدیهاتنی پێویستیەکانی سەرەتایی بە کار بێت، بۆیە دەبێت ئەم پێداویستییانە بەرەو ئارمانجی کۆتایی، و هیوا و ئارمانی دڵخواز، دەر بێن.
لەم تێڕوانینەوەیە کە زەردەشت ئاستی خواستراو و پڕ بەویستی مرۆڤایەتی، لە پلەی زۆر بەرزتر لە داواکاری و پێداویستی سەرەتایی، دادەنێت. بۆیە مرۆڤ ئەرک و ئامانجی زۆر لەمە بەرزتر و پیرۆزتری هەیە، ئەو دەتوانێت گەشە بکات و پێش بکەوێت، بەو مەرجەی خۆی باش بناسێت و لە توانامەندییەکانی خۆی بە

دروستی بەهرەمەند بێت. ئاوات و ئامانجی فەلسەفی زەردەشت، بە خوداگەیاندن و بە خودایی‌بوونی مروڤە.
مرۆڤ لە ئەهورا مەزدایە و دوبارە دەبێت بە ڕاستی بگات.
ئەم ڕەوت و چوونی بەرەو ئەهورا مەزدایی، دو لایەنی ئەنبوژەنی و مینەڤی هەیە و هەر دو ئاسۆی ئەنبوژەنی و مینەڤی مرۆڤ دەگریتە خۆی. لە ناو مرۆڤدا هێزێک هەیە کە هانی دەدات بۆ جووڵە و گەڕیان و بەرەو پێشخستن. ئەم هێزە مینەڤییە پێشبەرە، بە "فەرەوەهەر" پێناسە دەکرێت و لە ناو لەشی مرۆڤ دایە و زەمینە بۆ پێگەیشتن لە هەر دو ئاسۆی ئەنبوژەنی و مینەڤی هەموار دەکات.
بێگومان هەوڵ بۆ گەیشتن بە خودایی‌بوونی مرۆڤ، دەتوانێت لە هەر کویەوە بیەوێت بە تەنیایی بیپێوێت، وەک (هەلاج)، بەڵام مەرجی بەختیاریی مرۆڤ ئەوەیە کە ئەم ڕێگایە بە چەشنی کۆ و گشت ئەندامانی کۆمەڵ و جڤاک ڕێگای گەشەسەندن و پێگەیشتن بگرنە بەر و بە قۆناخی خوداوەندی بگەن.



زەردەشت دەبێژێت، مروڤ دەبوایە لە سەرەتادا لە نێوانی هێزی لفانەی دژ بە یەکی ناو دەروونی خۆی، یەکێکیانی هەڵبژاردیە، کە چاک و پاک بوایە.
ئەو دەبێت رامانی پاک لە خراو جودا بکاتەوە و رامانی پاک هەڵبژێرێت، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بنەمای نرخاندن و دەستنیشانکردنی چاکە و خراپە چییە ؟ کام رامان پاک و باشە و کام رامان خراپ و وێرانگەرە؟
ئەو رامانە دەتوانێت پاک و خاس بێت کە لەتەک هەنجار و ڕێکوپێکی جیهانی "بوون" یەک بگرێتەوە. ئەگەر هزر و رامانێک بە چاوی مروڤ چاک بێت، بەڵام  لەتەک سرووشت و ڕەوتی ڕێکوپێکی گەردوون نەگونجێت و لە دەرئەنجامدا زیانمەند بێت، کە واتە ئەو هزر و رامانە، ناڕاستە. کە واتە بنەما و بنیاتی هەڵسەنگاندنی ڕامانی پاک و گوفتاری پاک و چاکە و خراپە، سوود و زیان، پاکی و ناپاکی، هەر مەمووی ڕێکوپێکی و ڕەوتی سرووشتیی جیهانە. چونکە مرۆڤ دەتوانێت لە نێوانی رامانی باش و خراپ، یەکێک هەڵبژێرێت و توانای هەڵبژاردنی هەیە، کە واتە مرۆڤ ئازادە و لە دوای هەڵبژاردنی ڕێگای ڕاست و پاک، دەبێت بەکاریشی ببستێت. ڕامانی پاک، دەبێت کرداری پاکی بە دوادا بێت و دەرئەنجامی ئەم دوانە، هێمنی و ئارامییە، هێمنی یەکەمین

دەستەکەوت و بەهرەی رامانی پاک و کرداری پاکە. هێمنی زەمینە و دەرفەتی گەشەکردن و داهێنەری و دروستکردن بەدی دێنێت و پێگەیشتنی ئەنبوژەنی و مینەڤی دەسەکەوتی هێمنیيە. مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە دوای هۆشیاریی و پێگەیشتنی هەموو چەشنە، بە جاویدانی دەگات. مرۆڤێک کە هۆشیار بوو و پیٚگەیشت، نەمر و هەرمانی دەبێت. مرۆڤی پێگەیشتوو و جاویدانی، خوداوەندی دەبێت و خۆی بە خودا دەبێت.

ڕاستە ئەم ئاواتە ئاواتێکی دوورە، بەڵام گونجاو و ژیرانەیە. ئەم ئاواتە فەلسەفییە مرۆڤ هان دەدات بۆ بەردەوامی جووڵە و ڕۆیشتن. سوورِ و گەڕیانی مرۆڤ کە بە فیرۆ بڕوات، دەتوانێت تێکدەر و مەترسیدار بێت. بۆیە مرۆڤ پێویستە بە چەشنی گەڕیانی مەبەستدار و دروستکەر دەر بێت. مرۆڤ نابێت دژایەتی زانست بکات، چونکە لە فەلسەفەی زەردەشت زانست ئەمرازی چیٚکردنە و چیٚکردن، دەستپێک و پێشەکی هەر جۆرە گەشەسەندن و پیٚگەیشتنە.

بەشێکی زۆری گەڕان و لیٚکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی لە ئەمڕۆدا، بە فیرۆ دەڕوات و بۆ جەنگ و شتی خراپ بە کار دێت. لە پەروەردە و فەلسەفەی زەردەشت، مرۆڤ بۆ پێکهێنانی دروست و دەرفەت بۆ دروستکاری پەیدا دەکات. فەلسەفەی زەردەشت هێزی وێرانگەر دەکاتە وزەی دروستکەر و چاک. مرۆڤ لە لایەنی مینەڤی، بە ناسینی هێزەکانی دەروونی خۆی و لە پەیوەندیگرتن لەتەک هێزی گشتی، قوناخی پێگەیشتنی مینەڤی و بەرزبوونەوەی خۆی دەست پیٚ دەکات و بە ئەهورا مەزدا نزیک دەبێتەوە و لە دوای گەیشتنی، لەتەک ئەهورا مەزدا دەبنە هەڤاڵی یەک.

kurdavesta@msn.com
www.kurdavesta.tk